# تەنهایی

سیروان کاروانی

شتێکە گەرمتر لە کوورەی
سوورەوەبووی هاوینە قرچەکان
پردێکە تیژ وەک سیرات و
توند وەک بای
هەمیشەهەڵکردووی دۆزەخەکان
گرێکە بە باڵای داڵغەی ساتە کورتەکانی
ئاسوودەییدا بەردەبێ و
لەگەڵ تارماییە نامۆیەکاندا
بڵێسەی سووتماکتر دەستێنێ
پاشماوەکانی تژن لەو ڕەشاییانەی
بەری فوویەک ناگرن
تەنهایی تاریکاییەکە تررووسکاییەکانی
ئومێد دەکوژێنێەوە و
خەیاڵەکان زیندووبەچاڵ دەکات
نیشانەی دابڕانە لە هیوا مەزنەکان
خزمایەتیی لەگەڵ گۆڕغەریبان دایە و
دراوسێیە لەگەڵ مەرگەساتەکان
ئەو ساڵێکە لە یەک وەرز پێک دێ و
وەرزەش خەزەڵوەرە
تەنهایی هەرگێز جوودا نابێتەوە
بەقەد دیوارە ڕووتەکانەوەیە
لەگەڵ هەرسێ ژەمە خواردنەکاندایە
لەناو ئاوێنەی پیاڵە چایەکانەوە دەبینرێ

**هاوسەفەر لەگەڵ پاسەکاندایە**

**هاودەمی کارەساتەکانە**

**کارامەیە لە خەوزڕان**

**شەوانی پڕ لە سامۆتکەیە**

**دیمەنێکە و نادوێ**

**گرێکوێرەیەکە ناکرێتەوە و**

**لە خەونی دیکتاتۆرەکان دەچێ**

**ئەو شکستێکە و**

**مرۆڤ شەلالی تێکشکان دەکات**

**بای مەرگە و**

**جەستە لەبێدەنگێدا لەناو دەبات**

**تەنهایی لەزۆر وەختدا**

**نەخۆشییەکی کوشندەی دەستکردی مرۆڤە**

**بۆیە هیچ دەوایەک چارەی ناکات!**